# مانگرتن‌و نارەزایەتی توێژو پیشە جیاجیاکانی خەڵکی کوردستان بەردەوامەو هەڕەشەی مانگرتن‌و خۆپیشاندانی گەورەتریش دەکرێت

**مانگرتن‌و خۆپیشاندانی خوێندکارانی کۆلێژی بنەڕەتی لە سلێمانی:**

لە کۆتایی مانگی رابردووەوە خوێندکارانی کۆلێژی بنەڕەتی لە سلێمانی کە نزیك بە هەزار خوێندکارن، بۆ گۆڕینی ناوی کۆلێژەکەیان لە کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتیەوە بۆ کۆلێژی پەروەردە دەستیان بە مانگرتن‌و خۆپیشاندان کرد. ئێستا ئەم مانگرتنە پێی ناوەتە هەفتەی چوارەمیەوەو جگە لە خۆپیشاندانەکانی بەردەم سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی بەشێك لە خوێندکارەکان بەپێ چوون بۆ هەولێرو ماوەی چەند رۆژێکە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا مانیان گرتووەو داوای وەڵامدانەوەی داواکەیان دەکەن.

**مانگرتن‌و خۆپیشاندانی فەرمانبەرانی زانکۆی سلێمانی:**

رۆژی 1/13 سەرجەم فەرمانبەرانی زانکۆی سلێمانی بۆ زیادکردنی دەرماڵەکانیان، مانگرتینان لە کارەکانیان راگەیاند، دواتر بەرێپێوانێك چوونەبەردەم سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی. بۆ رۆژانی دواتریش مانگرتنەکە بەردەوام بوو.

**خەڵکی تاسلۆجە هەڕەشەی خۆپیشاندان دەکەن:**

ژمارەیەك لە دانیشتووانی تاسلوجە رۆژی 1/18 دامەزراندنی کۆمەڵەیەکیان بۆ خستنەرووی خواستەکانی خەڵکی تاسلوجە راگەیاند. ئەم کۆمەڵەیە بەنوێنەرایەتی خەڵکی تاسلوجە کۆمەڵێك داواکارییان خستۆتە بەردەم بەرپرسانی ئیداری ناوچەکە کە زۆربەیان داواکاریی خزمەتگوزارین، وە هەڕەشەی ئەوەیان کردووە کە ئەگەر تا یەك دوو مانگی ئایندە جێبەجێنەکرێن خۆپیشاندان دەکەن‌و شەقامە سەرەکیەکان‌و رێگای تاسلۆجە سلێمانی دادەخەن.

**مانگرتنی نانەواخانەکان‌و سەمونخانەکانی شاری سلێمانی:**

چەند رۆژێکە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنیەوە، وێڕای پاسەکانی گواستنەوەی نەفەراتی ناوشار، زیاتر لە 60 نانەواخانەو سەمونخانە لە شاری سلێمانی مانیان لەکارکردن گرت، وە رایانگەاندووە کە یان دەبێ حکومەت سوتەمەنیان بۆ دابین بکات یان ئەوەتا ناچارن نرخی نان‌و سەمون گران بکەن.

**دەنگۆی مانگرتنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ:**

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم لە راگەیاندنێکدا کە بەرواری 1/17ی لەسەرە ئەو دەنگۆیە رەتدەکاتەوە کە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە نیازی مانگرتنن‌و دەڵێت: "دەربارەی ئەو پروپاگەندانەش کە گوایە هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایش بەنیازن مانبگرن، ئێمە رایدەگەیەنین کە ئەو دەنگۆیانە دوورن لە راستیەوە، چونکە ئەو هێزە لە رابردوودا سەرەرای راپەڕاندنی ئەرکەکانی خۆیان ناخۆشترین قۆناغی سەختو دژواریان تێپەڕاندووەو هەمیشە هێزێکی سەربەرزو جێی شانازی هەموان بوون بە مووچەیەکی کەمیشەوە، کە جاری وا هەبووە چەند مانگێك مووچە نەبووە" وە لە کۆتاییدا وەکو جۆرێك لە هەڕەشە دەڵێت: "کارمەندانی ئاسایشی ناوخۆ ئەو راستیەش باشدەزانن کە مانگرتن‌و خۆپیشاندان لەو سلکە قەدەغەیە، ئەمە نەك لە کوردستان‌و عێراقدا، بەڵکو لەسەر ئاستی دنیادا کاری لەوجۆرە رێگاپێنەدراوە...و هۆشیاریی ئەو هێزانەشمان لەئاستی ئەو بەرپرسیارێتەیدا بووەو کاری لەوجۆرەشیان نەکردووەو نایکەن."

**دەستەی داکۆکی لە داخوازیەکانی خەڵکی شاری سلێمانی ئیمزا کۆدەکاتەوە:**

دەستەی داکۆکی لە داخوازیەکانی خەڵکی سلیمانی، بەمەبەستی دانانی سنورێك بۆ گرتن‌و راپێچکردنی خەڵك لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە لەسەر خۆپیشاندان، خەریکی ئیمزاکۆکردنەوەیە لەسەر یاداشتێك کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوەو تیایدا داواکراوە کە خۆپیشاندان مۆڵەتی حکومەتی نەوێت‌و تەنها ئاگادارکردنەوەی بەسبێت بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان. وە دەستەکە پێی وایە مۆڵەت وەرگرتن لە راستیدا قەیدوبەندێکە کە لەدژی بەرپاکردنی خۆپیشاندان دانراوەو مەبەست لێی بەرگرتنە بەخۆپیشاندان. شایانی باسە تاکو ئێستا دەستەکانی داکۆکی لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان چەندین جار بۆ چەندین خواستی سەرەتایی خەڵك هەوڵی

وەرگرتنی مۆڵەتیانداوە بۆ بەرپاکردنی خۆپیشاندان، بەڵام هەر جارەو بە بیانوویەك ڕێگەیان پێگرتوونو مۆڵەتیان پێنەداون. بڕیارە دەستەی داکۆکی هەر بەمەندەوە نەوەستێتو لەداهاتوودا هەنگاوی تریش هەڵگرێت.